Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆنـانی نـاوەوەی وشـــەی داڕێژاو لە زمـانی کوردیدا بەپێی مۆدێلی مۆرفیم-بناغە و مۆدێلی وشە-بناغە

**شێروان حوسێن حمد[1] - شمال زکی حسێن[2]**

[1] بەشـــی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشـــی کوردی، فـاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ڕۆنانی وشـە بەشـێکە لە زانسـتی زمان، کە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشـــەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، ئـامـانج لێی دابینکردنی تیۆرێکە لەســـەر بنەمـای ئەوەی، کە بتوانرێت پێکهاتە فەرهەنگییەکانی هەموو زمانەکان وەســـفبکات و شـــیبکاتەوە. ئەمەش لەو گریمانەوە سـەریهەڵداوە، ئەگەر ڕێزمان سـیسـتەمی پەیرەوبەندانەی کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بێت، ئەوا پێدەچێت لە ناو پێکهاتەی ڕێزماندا گریمانەی بونی وەچەپێکهـاتەیەک بکرێـت، کە کۆزانیـاری فەرهەنگی قســـەپێکەر ڕونبکـاتەوە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی تیشک خراوەتە ســـەر هەر یەک لە مۆدێلەکـانی مۆرفیم-بنـاغە و وشـــە-بناغە، کە یەکێکن لەو مۆدێلە زمانیانەی، کە لە چوارچێوەی قوتـابخـانەی زانســـتی زمـانی بەرهەمهێناندا خراونەتەڕو، بە مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوەی سیستەمی فەرهەنگی زمان.

بە شـــێوەیەکی تایبەتیش ئەم توێژینەوەیە، پشـــت بە بۆچونی (مـارک ئـارۆنۆف-١٩٧٦) دەبەســـتێت لە مۆدێلی وشـــە-بناغەدا، هەروەها لە مۆدێلی مۆرفیم-بناغەشـدا ســـەرنج خراوەتە ســـەر بۆچونی (مۆریس هـالی-١٩٧٣)، ئەم دو بۆچونەش بەخاڵی وەرچەرخانی لێکۆڵینەوە وشـــەڕۆنانییەکان دادەنـدرێن. بۆیە بەپێی ئەم بۆچونـانە هەوڵـدراوە شیکردنەوە بۆ پێکهاتەی وشە داڕێژراوەکانی زمانی کوردی بکرێت، بە مەبەستی دەستخستنی ئەو یاسا مۆرفۆلۆژییـانەی، کە بەشـــێوەیەکی ڕێکخراو و ئەبستراکت لە بەشی هۆشەکی ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکەدا هەن. ئەو یاســـانەش کۆڵەگەی گشـــتی زمانن و دەبنە بناغە بۆ بەرهەمهێنانی دانەی دیکە.

**کلیلە وشـــەکان:** پێکهاتەی داڕێژراو، یاســـاکانی وشـــەڕۆنان، مۆدێلی مۆرفیم-بناغە، مۆدێلی وشـــە-بناغە.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

**Received:** 23-April-2022

**Accepted:** 16-May-2022

**Published:** 29-March-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

Sherwan983@uor.edu.krd

Shimal.hussein@soran.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆنانی ناوەوەی وشەی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا بەپێی مۆدێلی مۆرفیم-بناغە و مۆدێلی وشە-بناغە)یە، توێژینەوەیەکە لە بواری مۆرفۆلۆژییە و دەکەوێتە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی بەرهەمهێنانەوە.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** مەبەست و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، شیکردنەوە و خستنەڕوی پێکهاتەی ناوەوەی وشەی داڕێژراوە لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕوانگەی هالی لە مۆدێلی مۆرفیم-بناغە و ڕوانگەی ئارۆنۆف لە مۆدێلی وشە-بناغەدا، بە مەبەستی دەستخستنی یاساکانی ئەم جۆرە پێکهاتەیە لە زمانەکەدا. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تا ئەو شوێنەی ئێمە زانیاریمان هەبێت، لە زمانی کوردیدا ئەم دو ڕوانگە جیاوازە نەخراوەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆلۆژی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی پەیڕەوکراوە، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆریشدا هەردو ڕوانگەی هالی لە مۆدێلی مۆرفیم-بناغە و ڕوانگەی ئارۆنۆف لە مۆدێلی وشە-بناغە بەکارهێنراون، بەراوردی نێوان ئەم دو بۆچونە لە پرۆسەی وشەدارشتندا ڕونکراوەتەوە.

**سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدایە و پەیوەستە بە شیکردنەوەی ئەو وشانەی کە لە بنکە و گیرەک پێکهاتون، بەپێی پێویست سود لە ئاستەکانی تر وەرگیراوە، هەروەها کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست کراوەتە بنەما بۆ توێژینەوەکە، بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەکانیش جگە لە سەلیقەی توێژەران، سود لە ڕێبازی کتێبخانەیی و فەرهەنگە زمانییەکان وەرگیراوە.

**گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئایا مۆدێلەکانی مۆرفیم-بناغە و وشە-بناغە چۆن ڕۆنانی ناوەوەی وشەی داڕێژراو لێکدەداتەوە لە زمانی کوردیدا؟

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە سێ بەشی لەخۆگرتوە، لە سەرەتادا ڕۆنانی وشە و ڕەوتی گەشەی وشەڕۆنان لە بەشی یەکەمدا خراوەتەڕو. پاشان هەوڵی ناساندنی مۆدێلەکان دراوە، بەجۆرێک لە بەشی دوەمدا ڕەهەندەکانی مۆدێلی مۆرفیم-بناغە لە ڕوانگەی هالیەوە خراونەتەڕو، بەپێی ئەو ڕەهەندانە شیکردنەوە بۆ نمونەی کوردی کراوە. بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش تایبەتە بە مۆدێلی وشە بناغە، کە هەریەک لە یاساکانی وشەڕۆنان، لەگەڵ سنوردارییەکان و مەرجەکانی یاساکان لەخۆدەگرێت، بەپێی ئەمانەش نمونەی کوردی خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: ڕۆنانی وشە و ڕەوتی گەشەی وشەڕۆنان

### ١/١) ڕەوتی گەشەی وشەڕۆنان

مێژوی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، هەروەها مۆدێلێک کە لە ڕۆژئاوای کۆندا وەکو چوارچێوە سەرەکییەکانی ڕێزمان کەڵکی لێوەردەگیرا مۆدێلی (وشە و پارادایم) بو. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا وشە جێی بایەخی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بو، بەڵام هیچ گرنگییەک بەپێکهاتەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

ناوەوەی وشە نەدەدرا و وشەیان وەکو یەکەیەکی سەرەکی لێکدەدایەوە. (ارکان، ۱۳۹۹: ۳-٤). هەروەها لێکۆڵینەوە وشەڕۆنانییەکان لە سەدەی نۆزدەمدا ئەو بایەخەی نەبو، کە زمانەوانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بایەخی پێیدا، (Adams) دەڵێت، ئەمەش بۆ ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە، کە سوسێر لە نێوان لایەنی وەسفی و مێژوی زماندا کردی و کاریگەری زۆری کردە سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بەگشتی و وشەڕۆنان بە تایبەتی. (Bauer, 1983: 3).

لە سەدەی بیستەمدا دوای سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم لەلایەن ڕۆنانکارەکانەوە، لێکۆڵینەوە لەم بوارە ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت، ئەویش گرنگیدان بو بە ڕۆنانی ناوەوەی وشە، چونکە لە ڕوانگەی ڕۆنانکارییەوە وشە پێکهاتەیەکی زمانییە، هەر پێکهاتەیەکیش لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بۆ پێکهێنەرەکانیان شیبکرێتەوە. بەتایبەتی لە نێوان سالآنی (۱۹٤۰-۱۹٦۰)دا لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژییەکان چەقی ناوەڕاستیان گرتبو. (Katamba, 1993: 4) بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆژییان وەکو لقێکی سەربەخۆی زمان لە چوارچێوەی ڕێزماندا ناساند و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفێمیان لە چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد. (فەتاح & قادر، ۲۰۰٦: ۷). ئەگەر سەردەمی ڕۆنانکارەکان بە لوتکەی گەشەکردنی مۆرفۆلۆژی دابندرێت، ئەوا ئەو سەردەمە لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بە بڵاوبونەوەی کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ی چۆمسکی لە ساڵی (۱۹٥۷)دا چوە قۆناغی پاشەکشەکردنەوە. (Bauer, 1983: 3). چونکە لایەنگرانی ئەو ڕێزمانە، پێیانوابو "ڕێزمان پێکهاتو لە سینتاکس و فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی تیایدا بەتاڵ بو، هەربۆیەش بەردەوام هەوڵیاندەدا ڕێگەیەک بدۆزنەوە، کە پرۆسەکانی وشەڕۆنان بە یارمەتی هەردو ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس ڕونبکەنەوە." (ارکان، ۱۳۹۹: ٦۰).

ئەم پەراوێزخستنەی وشەڕۆنان تا ساڵی (۱۹۷۰) بەردەوام بو، پاشان لە هەمان ساڵدا چۆمسکی لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی (چەند بۆ بەناوکردن)ی[i] بڵاوکردەوە، تیایدا مۆرفۆلۆژی دارشتن لە سینتاکس جیاکراوەتەوە و لە جیاتی ئەوە لە فەرهەنگێکی فراوان و لە ڕێگەی پێکهاتەیەکی جیای ڕێزمانییەوە لێیکۆڵراوەتەوە. (Aronoff, 1985: 6). ئەمەش جارێکیتر بواری مۆرفۆلۆژی وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ بە یاسایی دەکات و ڕێگە خۆشکەربو بۆ تیۆرییە مۆرفۆلۆژییەکان، کە لە دوای چۆمسکی "زۆربەی زمانەوانە بەرهەمهێنەکان وەک (Halle-1973)، (Siegel-1974)، (Jackendoff-1975)، (Aronoff -1976)، (Lieber-1980)، (Selkirk-1982) و چەندانی تر بەو ئەنجامەی گەیشتن، کە مۆرفۆلۆژی دارشتن و کردەی لێکدان، ڕەنگە لە ڕێگەی گۆڕانە سینتاکسییەکانەوە بەرهەمنەهاتبن، بەڵکو بەشێکی سەربەخۆیە." (Selkirk, 1982: 1).

## ۲/۱) ڕۆنانی وشە:

وشە وەکو هێمایەکی زمانی لە پەیرەوی دەنگ و واتا پێکهاتوە، دەنگەکان لە ڕۆنانی جیادا دوبارەدەبنەوە بۆئەوەی دانەی واتایی دروستبێت، ئەم دانە واتایانەش لە ژمارەیەکی زۆری وشەدا دوبارەدەبنەوە تاکو مرۆڤ بتوانێ لە ڕێگەی زمانەکەیەوە چەمکی سادە و ئاڵۆز دەربڕێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە "پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان چەند ئەرکێکیان هەیە، وەکو لکاندن، کە بریتییە لە زیادکردنی ئەرکە فۆنۆلۆژییەکان." (صالح & عەلی، ۲۰۱۹: ۲۰۱).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

واتە لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان لە قاڵبی وشەدا، پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان شان بە شانی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان دەکەونە کار، ئەمەش لایەنی فۆڕمی یان دەنگی وشە دەگرێتەوە. کەواتە ڕۆنانی وشە دو لایەنی هەیە.

### ١-٢/١) ڕۆنانی نـاوەوەی وشە

ئەم جۆرە وشانە خاوەن ڕۆنانێکی ناوەکیین. پێکهاتەکانیان شیدەکرێتەوە بۆ یەکەی واتاداری بچوکتر. "بنەمای دانە پێکهێنەرەکانی زمان، کە لەسەر پەیوەندی ئاسۆیی (syntagmatic) و ستونی (paradigmatic) دامەزراون، بنەمای بەهێزن، چونکە دەتوانن لێکدان و گۆڕین و ڕێکخستنەوەی هەمەجۆر بەرهەمبێنن." (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ٨٠)، واتە بۆ زانینی ئەوەی، وشە لە چەند پێکهێنەر پێکهاتون، سەرەتا بەهۆی پەیوەندی ئاسۆیی پێکهێنەرەکان جیادەکرێنەوە، "دواتر بەهۆی پەیوەندی ستونی پێکهێنەرەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەین، ئەگەر پێکهێنەرێک لە پێکهاتەی تردا واتا بە دەستەوە بدات بە مۆرفیم دادەندرێت." (باتینی، ١٩٩٣: ٩٢). سەرنجی ئەم نمونانە بدە:

١) أ- [[ئاسن]ناو + ەوان]ناو ← *ئاسنەوان

ب- [[شاخ]ناو + گەر]ناو ← *شاخگەر

لەم پێکهاتانەدا پەیوەندی ئاسۆیی لەبەرچاونەگیراوە، چونکە گیرەکی /-گەر/ هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو جۆری بنکەدا هەیە، کە "بەشێوەیەکی سەرەکی (+کانزا) سیمای سەرەکی بنکەکانە." (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٧٣). هەرچی گیرەکی /-ەوان/ە "دەچێتە سەر ناو و سەرەڕای سیمای (+پیشە، +پارێزگاری)، هەندێجاریش سیمای (+ئەزمون و شارەزای) هەڵدەگرێت." (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٦٥). بۆیە لەڕوی پەسەندی واتاییەوە پێویستە بوترێت (ئاسنگەر، شاخەوان).

| | |
|---|---|
| ٢) أ- نوس | ب- نوسەر |
| ڕاهێن | ڕاهێنەر |
| خوێن | خوێنەر |

لەم نمونانەشدا پەیڕەوبەندیەتی (فۆڕم–واتا)ی وەکیەکی بەدیکراوە، کۆمەڵەی (٢-أ) ڕەگی کارن، لەڕوی فۆڕمەوە جیاوازن لە کۆمەڵەی (٢-ب)دا، کە سەرجەمیان گیرەکی /-ەر/یان بۆ زیادکراو و واتایەکی هاوشێوەیان پێدراوە، ئەویش بە واتای ئەو کەسە دێت کە کارەکە دەکات (Booij, 2007: 7). ئەمەش بنەمایەکە بۆ لێکدانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی پێکهاتەی ناوەوەی وشە.

### ٢-٢/١) ڕۆنانی دەرەوەی وشە

ئەمەش لایەنی فۆڕم یان دەنگی وشە دەگرێتەوە، ئاشکرایە لە زماندا توخمە بچوکەکان بەشداری لە ڕۆنانی یەکەی گەورەتر دەکەن، بەپێی ئەمەش فۆنیم و برگە، کە دو سەگمێنتی ئاستی فۆنۆلۆژین بەشدارن لە ڕۆنانی وشەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر لە کاتی خستنەپاڵیەکی دو مۆرفیم، دو دەنگ وێکچو یان وێکنەچو بکەونە پاڵیەکەوە، ئەوا گۆڕانی فۆنۆلۆژی لە فۆڕمی وشەکەدا ڕودەدات. ئەمەش "دیوی دەرەوەی وشە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

دەگرێتەوە، کە بەهۆی نواندنی فۆنۆلۆژییەکانەوە بەرجەستە دەکرێن. نواندنی فۆنەتیکییانەی فۆنیمەکان وابەستەی ئەو مەرج و کۆتوبەندانەن، کە لە نواندنی فۆنۆلۆژییاندا پەیڕەوکردنیان خورتییە، لە داڕشتە فۆنەتیکییەکەشیاندا لەیەکچونی فۆنەکان پەیوەستە بە چۆنیەتی درکاندن و جوڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن." (سەعید، ٢٠٢٠: ٣٥). چونکە "دەنگەکانی ئاخاوتن کاتێک لە پێکهاتەی بڕگە و وشە و ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، کار لە یەکتری دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە، بەپێی یاسای جۆراوجۆر خۆیان دەنوێنن." (شالی، ٢٠٠٠: ٤٩). بۆ نمونە:

٣) أ- [[دەست]ناو + گا]ناو ← دەزگا.

ب- [[مس]ناو + گەر]ناو ← مزگەر.

لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفێمەکان لەم پێکهاتانەدا دەنگی /س/ گۆڕاوە بۆ /ز/، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە "/س/ دەنگێکی کپە بۆ گونجاندنی لەگەڵ دەنگی گڕی /گ/ دەگۆڕدرێت بۆ دەنگی گڕی /ز/." (شالی، ٢٠٠٠: ٥٨)، هەروەها "دەنگی /س/ و /ز/ لەڕوی درکاندنەوە دو دەنگی لێکچون، چونکە (خشۆک، پوک، ددان)ین، جیاوازیان لەوەدایە دەنگی /س/ کپە و دەنگی /ز/ گڕە." (عەلی، ٢٠١٥: ٦٤). هەروەها لە (٣-أ)دا، دەنگی /ت/یش لە کۆتایی کەرتی یەکەمی پێکهاتەکە سواوە، ئەمەش بەزۆری لەو کاتە ڕودەدات، کاتێک دەکەوێتە کۆتایی وشەوە.


## بەشی دوەم: مۆدێلی مۆرفێم-بناغە

یەکە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگ لەم مۆدێلەدا مۆرفێمەکانن، هەروەها یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بریتین لە خستنەپاڵیەکی مۆرفێمەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوان (Morris Halle-1973). کە بۆ یەکەمجار لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بە ناونیشانی (سەرەتایەک لەبارەی تیۆری وشەڕۆنان)[ii] پێشنیاری پێکهاتەیەکی سەربەخۆ مۆرفۆلۆژی کرد لە چوارچێوەی تیۆری فەرهەنگدا، بیرۆکەی بنەڕەتی (هالی) لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، ئەگەر ڕێزمان میکانزمی پەسەندکردنی پەیڕەوبەندانەی کۆزانیاری زمانیی ئاخێوەر بێت، ئەوا پێدەچێت لە ناو پێکهاتەی ڕێزماندا گریمانەی بونی وەچەپێکهاتەیەک بکرێت، کە کۆزانیاری فەرهەنگی قسەپێکەر بخاتەڕو. وەکو ئەوەی قسەپێکەری زمان دەزانێت، کە (وشەکانی زمانەکەی کامانەن، هەروەها دەزانێت هەندێک لە وشەکانی زمانەکەی پێکهاتەی ناوەکییان هەیە، پێکهاتە ناوەکییەکان پەیوەندی بە یاسایەکی دیاریکراوی زنجیرەی پێکەوەهاتنی مۆرفێمەکانەوە هەیە، واتە پێکهاتەی ناوەکی ڕیزبونێکی دیاریکراو لە مۆرفێمەکان وەردەگرێت). (Halle, 1973:3)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

له ڕێزمانی (هالی)دا مۆرفۆلۆژی له سێ بەشی جیا پێکهاتوە: لیستی مۆرفیمەکان، یاساکانی وشەڕۆنان، پاڵێوەر. لیستی مۆرفیمەکان و یاساکانی وشەڕۆنان پێکەوە وشە ئەگەرییەکان وەسفدەکەن، کۆمەڵێ وشەی ڕاستەقینە لە وشە ئەگەرییەکان بەدەستدەهێنرێ بە جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لە پاڵێوەرەکەدا ئاماژەی پێکراوە. کەواتە دەکرێت مۆرفۆلۆژی وەک لیستێکی گەورە لە وشەکان دابنرێت، ئەو لیستەی کە لەلایەن زاراوەی (فەرهەنگ–dictionary) دەستنیشانکراوە، هەروەها یەکە فەرهەنگییەکان دەستگەیشتنیان هەیە بە کۆمەڵە فۆرمی وشەیەک لە لیستەکەدا لەکاتی هەڵبژاردنی وشەیەک و بەکارهێنانی لە شوێنی گونجاودا لە ناو پێکهاتەی قوڵی ڕستەدا، بە جێبەجێکردنی یاسا سینتاکسییەکان لەسەر پێکهاتەی قوڵ، پێکهاتەی ڕوکەش بەرهەمدێت و پاشان یاسا فۆنۆلۆژییەکان لەسەر ئەوان وەگەڕدەکەون، بۆئەوەی دەرکردەی کۆتایی بێتە ئاراوە. (هەمان سەرچاوە: ٩) وەکو لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا نیشاندراوە:




هێڵکاریی ژمارە (١): مۆدێلی هالی (١٩٧٣)

## ١/٢) لیستی مۆرفیمەکان (List of Morpheme)

ئەم بەشە کۆمەڵێک مۆرفیم لەخۆدەگرێت، بەجۆرێک هەر مۆرفیمێک لە شێوەی زنجیرەیەک لە سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان نیشان دەدرێت لەگەڵ دیاریکردنی کەتیگۆری سینتاکسی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ...هتد) بۆیان، بەڵام گیرەکەکان بەبێ کەتیگۆری سینتاکسین. بەم شێوەیە:

٤) [سەر]ناو [بەرز]ئاوەڵناو [–انە]گیرەک

ئەم فۆرمانە تێکردەی یاساکانی وشەڕۆنان پێکدێنن، هەروەها "گیرەکی فەرهەنگی و ڕێزمانی، لەبەرئەوەی ئەوانیش مۆرفیمن لە لیستی مۆرفیمەکاندا دانراون، ئەمەش جیاوازی نێوان وشەکان و گیرەکەکان نادیار دەکات. ئەگەر گیرەکەکان لە خودی یاساکانی وشەڕۆناندا تێکەڵبکرێن، دەکرێت جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەم دو جۆرە توخمە." (Scalise, 1986: 33).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

## ٢/٢) یاساکانی وشەڕۆنان لە مۆدێلی مۆرفیم-بناغە (Word Formation Rule)

یاساکانی وشەڕۆنان بەرپرسیارن لە چۆنیەتی تێکەڵبونی مۆرفیمەکان بە ڕیزبەندییەکی دیاریکراو، بۆئەوەی وشە ڕاستەقینەکان/هەبوەکان[iii] بەرهەمبێن، هەروەها ئەو یاسایانە دەکرێ بە ئازادی بەسەر لیستی مۆرفیمەکاندا جێبەجێبکرێن و وشە ئەگەرییەکان[iv] پێکبهێنن، جگە لەمەش یاساکان بەبێ جیاوازی لەسەر پرۆسەکان وشەڕۆنان و گەردانکردن جێبەجێدەکرێن. کەواتە "لە مۆدێلی (هالی)دا یاساکانی وشەڕۆنان بەتەواوی سنوردار نین، ئەوان نەک تەنها دەستگەیشتنیان هەیە بەو زانیارییانەی کە لە قۆناغەکانی دواتری داڕشتنەکە (فەرهەنگەکە)دا هەیە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە فۆرمی ناڕێزمانیی بەرهەمدێنن." (Štekauer & Lieber, 2005:156). هەروەها (هالی) یاساکانی وشەڕۆنان بەسەر دو جۆری جیاواز دابەشدەکات: "ئەوانەی بەسەر بنکەکان جێبەجێ دەکرێن بۆ پێکهێنانی وشەکان، کە لە ڕەگێک یان قەدێک و مۆرفیمێکی تر پێکدێن، ئەوانەشی بەسەر وشەکان جێبەجێدەکرێن." (صراحی، ١٣٩٥: ١٤١). بەم شێوەی خوارەوە:

5) a. [STEM + Af ]$_X$
   b. [N + Af ]$_X$, [ADJ + Af]$_X$, [VERB + Af]$_X$

بەم شێوەیە یاساکانی وشەڕۆنان تایبەتمەندییە سینتاکسی و واتاییەکان دەبەخشنە وشە ڕۆنراوەکە، بەجۆرێک وشە داڕێژراوەکە تایبەتمەندییەکی جیاوازی دەبێت بەراورد بە بنکەکەوە. ئەم نمونانەی خوارەوە ئەم جیاکارییە نیشان دەدات، کە لەلایەن (هالی)یەوە پێشنیارکراوە:

٦) أ- [کوشت + /-ار/]ناو ← کوشتار، [کوشتار + گە]ناو ← گوشتارگە
ب- [خوێند + /-ەوار/]ناو ← خوێندەوار، [خوێندەوار + /-ی/]ناو ← خوێندەواری
ج- [زان + /-یار/]ناو ← زانیار، [زانیار + /-ی/]ناو ← زانیاری

هەر لەم بەشەدا زانیاری تایبەت بە فۆنۆلۆژی و پێکهاتەی وشەکان جێگیرکراون، کە "تەنها ڕێگە بە چونەژورەوەی ئەو وشانە دەدات، کە لەڕوی فۆنۆلۆژییەوە فۆرمدروستن، واتە پێش ئەوەی (وشە خەیاڵییەکان-Putative Words) بچێنە فەرهەنگەوە، پێویستە دەنگەکانیان بەو جۆرەی لە زمانەکەدا ڕێپێدراون بخرێنە پاڵیەکەوە." (Kabamba, 1993: 82).


## ٣/٢) پاڵێوەر (Filter)

ئەم بەشە لە بنەڕەتدا دو ئەرکی هەیە: أ) لەڕوی واتاییەوە لەکاتی پێویستدا تایبەتمەندی (جیاکەرەوە-idiosyncratic) بۆی زیاد دەکرێت. ب) ڕێگری دەکات لە وشەی شیاوی نابەردەست، کە بە تایبەتمەندی [-Lexical Insertion] پیشان دەدرێت. (Štekauer & Lieber, 2005:155). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لیستی مۆرفیمەکان و یاساکانی وشەڕۆنان کۆمەڵێک وشەی ئەگەری پێکدێنن، بەڵام ئەو زانیارییانەی لە پاڵێوەردا جێگیرکراون، ئەو کۆمەڵەیە دەکەن بە لقە کۆمەڵەیەک لە وشە ڕاستەقینەکان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

## ٤/٢) فەرهەنگ (Dictionary of Word)

لیستی وشە ڕاستەقینەکانی زمانێک دەبێتە فەرهەنگی ئەو زمانە، ئەمەش "بە کارلێککردنی لیستی مۆرفیمەکان و یاساکانی وشەڕۆنان و پاڵێوەر دیاریدەکرێت، هەمو ئەو وشانە لەخۆدەگرێت کە بەردەستن، لەگەڵ فۆرمە گەردانییەکانی هەر وشەیەک" (هەمان سەرچاوە: ١٥٨). هەمو ئەم میکانزمانەی، کە لەسەرەوە خستمانەڕو، دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە بخەینەڕو:




هێڵکاریی ژمارە (٢): پرۆسە مۆرفۆلۆژییە پێش فەرهەنگییەکان

١- وشەی [کتێب] وەک خۆی لە فەرهەنگ کۆتایی دێت، واتە لە بەشی یاساکان و پاڵێوەردا گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام دەبێت لە لیستی مۆرفیمەکان دابنرێ، چونکە بۆ دروستکردنی وشەی تر پێویستە، بۆ نمونە کاتێک پاشگری /-خانە/ وەردەگرێت ناوی شوێن ڕۆدەنێت، وەکو [کتێب + خانە]ناو.

٢- وشەی (گوڵدان) لە لیستی مۆرفیمەکان بەردەست نییە، بەڵکو هەریەک لە [گوڵ] و /-دان/ بە دو مۆرفیمی جیا لەم لیستەدا هەن، ئەم توخمانە بەهۆی یاساکانی وشەڕۆنانەوە دەخرێنە پاڵیەکەوە و دەرکردەی (گوڵدان) بەرهەمدێت و دەچێتە فەرهەنگەوە بەبێ وەرگرتنی هیچ تایبەتمەندییەک لە بەشی پاڵێوەردا، واتە لەڕوی سینتاکسی و واتاییەوە ڕێک و یاسابەندە.

٣- وشەی [بار + گە]ش بەهەمان شێوەی لەلایەن یاساکانی وشەڕۆنان پێکهێنراوە، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە فەرهەنگەکەوە لە بەشی پاڵێوەردا تایبەتمەندی واتایی جیاکەرەوە بۆی دیاریدەکرێت، کە واتا (کۆکردنەوە و تێکنان) دەگەیەنێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

٤- هەرچەندە وشەی (*زانەر) لەلایەن یاساکانی وشەڕۆنانەوە بە پێکهاتەیەکی دروست هەژمار دەکرێت، بەڵام یەکێک نییە لە وشە ڕاستەقینەی زمانەکە، چونکە بەهۆی بونی وشەی (زانا) پاڵێوەرەکە ڕێگری لێدەکات لە چونەژورەوەی فەرهەنگەوە، کە بە تایبەتمەندی [Lexical Insertion-] ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٥- لە کۆتا پرۆسەشدا یاساکانی وشەڕۆنان ڕێگرن لە پێکهێنانی وشەی (*باخکەلە)، چونکە /-کەلە/ لە یاساکاندا دەلکێنرێ بە بنکەی ئاوەڵناوەکان وەکو [ڕەش+کەلە]ئاوەڵناو، نەک ناوەکان وەکو *[باخ+کەلە]ناو، کە وشەیەکی نابەردەست و نەشیاوە.

مۆدێلی مۆرفۆلۆژی (هالی) کۆپییەکی ڕادیکاڵ لە گریمانەی وشەسازی پەیڕەودەکات، وەک ئەوەی کە لە بنەڕەتدا لەلایەن چۆمسکی (١٩٧٠)دا پێشنیارکراوە. ئەمەش هەنگاوێکی بنەڕەتی لە پەرەسەندنی تیۆری مۆرفۆلۆژی نیشان دەدات، کە بۆ یەکەمجار پێشنیارکرا، هەمو دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان لە یەک شوێن واتە (فەرهەنگ) بەپێی یاسای دیاریکراو بەڕێوەببرێت. گریمانەکەش لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیە دامەزراوە، کە ڕۆنانکارەکان بۆ چەمکی مۆرفیم خستیانەڕو، کە مۆرفیمیان بە بچوکترین یەکەی واتاداری زمان دادەنا، واتە ئەوان مۆرفیم لەسەر بنەمای پەیوەندی یەک بە یەک لە نێوان فۆرم و ئەرک پێناسە دەکەن، ئەمەش پەیوەندییەکی ئاسۆیی لەخۆدەگرێت.

## بەشی سێیەم: مۆدێلی وشە-بناغە

بنچینە و بنەمای ئەم مۆدێلە وشەکانن، واتە لەسەر بنەمای وشە هەبوەکان وشەی نوێ بەرهەم دەهێنرێت، هەروەها پەیوەندی نێوان پێکهێنەرەکانی وشەیەکی ڕۆنراو لە ڕێگەی جیاکردنەوەی مۆرفیماکانەوە بەدەستناخرێت، بەڵکو ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی یاساکانەوە دەنوێنرێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە (هالی) فەرهەنگێکی پێکهاتو لە سێ بەشدا ناساند، دواتر زۆرینەی زمانەوانان هەوڵیاندا فەرهەنگەکە دابەزێنە سەر یەک لیست، چونکە پێیانوابو زۆرینەی وشەکان لە بەشەکانی (لیستی مۆرفیمەکان) و (فەرهەنگ) دوبارەدەبنەوە، ئەم دوبارەبونەوەش ناپێویستە. دەستپێکی ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی (Mark Aronoff-1976) کە لە نامەی دکتۆراکەیدا بە ناونیشانی (وشەڕۆنان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا)،[٧] تیایدا مۆرفۆلۆژی بە بەشێک لە سیستەمی ڕێزمان دەناسێنێت، ئاماژە بەوە دەکات، کە "مۆرفۆلۆژی وەکو هێمایەک بە دوانەی فۆرم و واتا مامەڵە لەگەڵ وشەکان دەکات، کەواتە مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوە لەو وشانە دەکات، کە نیشانەیەکی سادە نین، بەڵکو لە توخمی سادەتر پێکهاتون، ئەمەش دو پرسی جیاوازن، بەڵام پەیوەستن بەیەکەوە، وەکو شیکردنەوەی وشە ناسادەکان و پێکهێنانی وشەی نوێی نادادە، تیۆری مۆرفۆلۆژی پێویستە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەم دو پرسەدا بکات." (Aronoff, 1985: 1). ئارۆنۆف بنەمای بنەڕەتی ئەم مۆدێلە بۆ ئەو گریمانانە دەگرێنێتەوە:

١- هەمو پرۆسە ڕێکەکانی وشەڕۆنان لەسەر بنەمای وشە-بناغەن.

٢- وشەی نوێ بە بەکارهێنانی یاسایەکی ڕێک لەسەر وشە هەبوەکان پێکدەهێنرێت.

٣- وشەی نوێ و وشە هەبوەکە پێویستە ئەندامی یەکێک لە کەتیگۆرییە سەرەکییە فەرهەنگییەکان بن. (اسلامی‌پور & ئەوانی تر، ١٣٩٨: ١١٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

ڕەنگە بەهێزترین پاساوی (Aronoff) بەهۆی ئەو تێبینیانەوە بێت، کە هەندێک لە مۆرفیمەکان خاوەن واتایەکی نادیارن، بۆیە ناکرێت وەکو وشەیەک بنکەی یاساکانی وشەڕۆنان بن، هەروەها هەندێ وشەی سادە لە پێکهاتەیەکی لێکدراودا واتای خۆیان لە دەست دەدەن و هیچ پەیوەندییەکی بە واتای خۆی نامێنێت. (ارکان، ۱۳۹۹: ۱۳٦-۱۳۷)، وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

7) a- cranberry b- Straw + berry → strawberry

توفەڕەنگی → تو + پوش

huckleberry black + berry → blackberry

تودڕک → تو + ڕەش

هەمو ئەم وشانە ئاماژە بە جۆرەکانی (تو) دەکەن، بەڵام بە جیاکردنەوەی مۆرفیمی (تو-berry)، ئەوا لە نمونەکانی ستونی (7.a)دا، کەرتی یەکەمیان (cran, huckle) دەمێنێتەوە، کە لە شێوەی سەربەخۆ بونیان نییە، هەروەها نمونەکانی (7.b)دا، حاڵەتی سەختتر بەرهەمدەهێنن. کەرتی یەکەمیان لە وشە لێکدراوەکەدا واتایەکانیان لە دەست داوە. (Štekauer & Lieber, 2005:157). لە زمانی کوردیشدا "هەندێ مۆرفیم یان وشەی سادە بە لەتکردنی پارچەکانیان واتایان بۆ پەیدادەبێت." (ئەمین، ۲۰۰۹: ۳٦٥). وەک مۆرفیمی (بازو)، لەتکردنی بەم جۆرانە (با+زو)، (باز+و)، هەریەک لە کەرتەکانی (با، زو، باز) واتایان بۆ پەیدادەبێ، بەڵام ئەو واتایە هیچ پەیوەندی بە واتا بنجییەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ڕێککەوتن. واتە لێکدانەوەی ئەم جۆرە وشانە کێشەی بنچینەیی دەخەنە بەردەم تیۆری مۆرفیم-بناغەی (هالی) بۆ ڕۆنانی وشە.

لەم مۆدێلەدا وشە و گیرەکەکان سروشتێکی بنەڕەتی جیاوازیان هەیە، بەجۆرێک وشەکان لە فەرهەنگدا هەن، گیرەکەکان بەشێکن لە یاساکانی وشەڕۆنان، واتە پلەیەکی نزمتریان هەیە لە یاساکاندا، چونکە گیرەکەکان لە شێوەی سەربەخۆدا واتا نادیارن، بۆیە ناکرێت وەکو نیشانەی زمانی بە دوانەی فۆڕم و واتا هەژماربکرێن، کەواتە مۆدێلی وشە بناغە لە شیکردنەوەی وشەکان لە جیاتی لێکدان و ڕیزکردنی مۆرفیمەکان لە پێکهاتەی وشەدا، هەمو وشەکە دەکاتە بنەمایی شیکردنەوە و لە شێوەی پەیوەندی ستونی مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکات. لە کاتێکدا لە مۆدێلی (هالی)دا هیچ جیاوازییەکی لەو شێوە نییە، گیرەک و مۆرفیمەکان پێکەوە لە بەشی یەکەمی مۆدێلەکە جێگیرکراون. (صراحی، ۱۳۹٥: ۱٤۸). جگە لەمەش (Aronoff) مۆدێلەکەی تایبەت دەکات بە پرۆسەی وشەڕۆنان، واتە گیرەکە ڕێزمانییەکان لەم مۆدێلەدا لە دەرەوەی فەرهەنگدان و لەناو سینتاکس دانراون.

## ۱/۳) یاساکانی وشەڕۆنان لە مۆدێلی وشە-بناغەدا

لەم مۆدێلەدا یاساکانی وشەڕۆنان لە بەشی فەرهەنگدا جێگیرن و جیاوازن لە بەشەکانی تری ڕێزمان، تەنیا دەکرێت ئاماژە بە تایبەتمەندییە سینتاکسی و واتایی و فۆنۆلۆژی وشەکان بکرێت. (هەمان سەرچاوە: ۱٤۸). هەروەها مەرج نییە بۆ هەر فۆڕمێک یاسایەکی تایبەت هەبێت، بەڵکو یاسایەکە لەسەر بنەمایەک دادەڕێژرێ، بەجۆرێک ئەو بنەمایە دەکرێتە پێوەر بۆ فۆڕمەکانی دیکە، بەپێی ئەمەش یاساکانی وشەڕۆنان "کۆمەڵێک وشە دیاریدەکەن، کە دەکرێت کاریان لەسەر بکرێت، ئەم کۆمەڵەیە یان هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

بە بنەمای ئەو یاسایە دادەندرێت، هەر یاسایەکی دیاریکراو جگە لە ئەنجامدانی کردارێکی فۆنۆلۆژی لەسەر بنکە، ناولێنانی سینتاکسی و لقە کەتیگۆریی بۆ وشە بەرهەمهاتوەکە دیاریدەکات لەگەڵ خوێندنەوەی واتایی بۆی." (Aronoff, 1985: 22). واتە یاساکانی وشەڕۆنان لەسەر وشەکان جێبەجێ دەکرێت، نەک مۆرفیمەکان، گیرەکەکان بە یارمەتی یاساکان بە وشەی بنکەوە دەلکێنرێن و سەرجەم زانیارییەکان لە نێو یاساکان تۆماردەکرێن. کە دەکرێت بەم شێوەی خوارەوە بخەینەڕو:

8) $[Word]_X \rightarrow [[Word]_X + Suf]_Y$ **"semantics of Y"**

$[\alpha]$ $[\alpha]$ $[\beta]$

ئەم یاسایە ئاماژە بەوە دەکات، کە وشەکە کەتیگۆری X و تایبەتمەندی α هەیە، پێکهاتەی ناوەوەی وشە ئاڵۆزەکە بەهەمان شێوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە لە وشەی بنکە و پاشگرێک پێکهاتوە، بەجۆرێک وشە بەرهەمهاتوەکە کەتیگۆری Y تایبەتمەندی β هەیە، جگە لەمە یاساکە بەشی واتای پەیوەست بەم بەشە "فۆڕمییە"ی هەیە، کە بە زۆری لە شێوەی پارافرێزدا " " پیشان دەدرێت. (Scalise, 1986: 42). وەکو:

٩) [[پـــیاو]نا + ەتـــی]نا "چاکەکردن"

[-ئەبستراکت] [+ئەبستراکت]

بەشێوەیەکی گشتی لە مۆدێلی (هالی)دا یاساکانی وشەڕۆنان نەک هەر وشە ڕاستەقینەکانی زمان بەرهەمدەهێنن، بەڵکو وشەی ئەگەریش (وشەی شیاوی نابەردەست) دێنە ئاراوە و دەستگەیشتنیان دەبێت بە فەرهەنگ و سیستەمی دەنگی زمانەکە، بەڵام (Aronoff-1976) لە تیۆرییەکەیدا ئەو هێزە لە ڕادەبەدەرەی یاساکانی وشەڕۆنان سنوردار دەکات.

## ٢/٣) سنورداری یاساکانی وشەڕۆنان

### ٢/٣-١) سنوردارکردنی وشەی بنکە/تێکردەی یاساکانی وشەڕۆنان

بنکەی یاساکانی وشەڕۆنان ئەو وشانەن، کە یاساکانی لەسەر جێبەجێدەکرێت، بەجۆرێک دۆخی تایبەتی بنکە دەبێت گونجاوبێت بۆ یاساکانی وشەڕۆنان، واتە "بنکەی هەر یاسایەکی وشەڕۆنان وشەیەکە ئەندامی کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە، هەر یاسایەکیش بەسەرنجدان بە تایبەتمەندییە سینتاکسی و واتاییەکانی بنکە جێبەجێدەکرێ." (ارکان، ١٣٩٩: ١٣٨)،

بەڵام لە زمانی کوردیدا زۆرجار پرۆسەی وشەڕۆنان لە ڕێگەی ڕەگ، کە بە بنکەی بەند ناسراوە ئەنجام دەدرێت، واتە هەندێجار بنکەی یاساکانی وشەڕۆنان دەکرێت مۆرفیمێکی بەندبێت، وەکو ڕەگ. بەم شێوەی خوارەوە:

١٠) أ- [[بین]ڕەگ + ەر]ناو ← بینەر.


ب- [[ترس]ڕەگ + ناک]ئاوەڵناو ← ترسناک.

ج- [[کڕ]ڕەگ + یار]ناو ← کڕیار



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

بۆیە "لە داڕشتنی یاسایەكانی زمانی كوردیدا گەڕانەوە بۆ چەمكی ڕەگ پەسەندترە." (یونس، ٢٠١٣: ٢٧). كەواتە دەكرێت یاسایەك دابڕێژرێت، بەجۆرێك بنكەكە بە هێمایەك دەستنیشانبكرێت بەبێ بونی هیچ جیاوازیەك لە نێوانیاندا. وەكو لەم هێڵكارییەدا خراوەتەڕو:




هێڵكاریی ژمارە (٣): یاسای بە كۆتكردنی بنكەی وشەڕۆنان. وەرگیراوە لە (Scalise, 1986: 44).

ئەم یاسایە حاڵەتی زیادكردنی پاشگرە، هەروەها شوێنی بنكەكە بەشێوەیەكی نادیار بە هێمای (Δ) (دومی–dumy) كۆتكراوە، كە (X) بە سەریدا زاڵە، بۆئەوەی لە چوارچێوەی پێكهاتەیەكی لەو جۆرەدا هەر توخمێك لەخۆبگرێت. (Scalise, 1986: 44). هەروەها بۆ دورخستنەوەی نارێزمانی پێكهاتەی ئەو وشانەی كە لە بنكە و گیرەكێك پێكهاتون، پێویستە زانیاری جیاواز لەبارەی سنوردارییەكانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاكسی، واتاسازی) لەسەر بنكەی یاساكانی وشەڕۆنان بخرێتەڕو:

### ٢/٣-١-١) سنورداری فۆنۆلۆژی

ئەم جۆرە سنوردارییە پەیوەستە بەزانیارییە فۆنۆلۆژییەكان، واتە هەندێجار پێكەوەهاتنی توخمە مۆرفۆلۆژییەكان بە هەندێ تایبەتمەندی فۆنۆلۆژییەوە سنورداردەكرێن، ئەمەش لە كاتێكدا ڕودەدات، كە "نارێزمانی دەركردەی یاساكانی وشەڕۆنان بەشێوەیەكی تایبەت پشت بە فۆرمی فۆنۆلۆژی بنكەكە دەبەستن." (Štekauer & Lieber, 2005: 160). كە یاساكانی بڕگە و پێكەوەهاتنی ڤاوڵ و كۆنسونانتەكان ڕۆڵی سەرەكی دەگێرن. لەم ڕوانگەیەوە (Bauer-2001) سێ جۆری سنورداری فۆنۆلۆژی دیاریدەكات:

1– ئەو گیرەكانەی پەیوەستن بە دەنگێكی دیاریكراوی بنكەوە.

بۆ نمونە پاشگری /–یی/ كەتیگۆری ناو و ئاوەڵناو وەكو بنكەی خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ داڕشتنی ناوی ئەبستراكت، بەڵام كاتێك بنكە كۆتاییان بە فۆنیمی /–ک/ هاتبو، ئەوا لەگەڵ بنكە ئاوەڵناوییەكان بە شێوەیەكی ئاسای بەكاردێت. وەكو (تاریكی، ڕوناكی، ناپاكی)، بەڵام لەگەڵ بنكە ناوییەكان بەكارنایەت، چونكە دەبێتە هۆی سەختی دەربڕینیان، بۆیە بۆ ئاسانی دركاندن پاشگرێكی ڕكابەری وەردەگرێت. وەكو:

(١١) أ– *خوشكیی – *دایكیی – *باوكیی ب– دایكایەتی – باوكایەتی – خوشكایەتی

هەروەها پاشگری /–یی/ لەگەڵ ئەو بنكانە نایەت، كە كۆتاییان بە فۆنیمی /–ی/ هاتوە. ئەمەش زۆرجار لەو كاتەنە ڕودەدات، كە پاشگرێكی پێشەساز و بنكەیەك پێكەوە دەبنە دەركردەیەك بۆ ڕۆنانی ناوێكی ئەبستراكت. وەكو (*ڕاوچیی ← ڕاوچێتی، *كرێچیی ← كرێچێتی)، (*قاچاغچیی ← قاچاغچێتی). كەواتە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18


"زمانەکان هەندێجار لە کاتی بەدوای یەکداهاتنی زنجیرەیەک دەنگ یاسای (خۆش ئاهەنگی–euphony)ی پەیڕەودەکەن لە ڕۆنانی وشەدا." (Katamba, 1993: 75).

2- ئەو گیرەکانەی پشت بە ژمارەی بڕگەکانی بنکە دەبەستن.

بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا پاشگری ئاوەڵناوی /-ن/ بەزۆری لەگەڵ بنکە یەک بڕگەیەکان دەردەکەوێت، وەکو (شەرمن، چڵکن، گۆشتن، ورگن، توکن، ... هتد)، کەواتە ئەم پاشگرە ڕەنگە بەدوای پاشگری دیکەوە نەیەت، چونکە بە زیادکردنی پاشگرێک بۆ ئەم بنکانە وشەی دو بڕگەی پێکدێت، وەکو *[بێ+شەرم]ن].

3- ئەوانەی پەیوەندیدارن بە تایبەتمەندییە سەروسەگمێنتییەکانی بنکەوە، وەکو دانانی هێز.

لەم ڕوانگەیەوە "هێز ڕێگر نییە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی." (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٩). چونکە گیرەکە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا هەرچی تایبەتمەندی خۆیانە سەری دەخەن بۆ هەمو وشەکە، کە هێزیش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانە، واتە "گیرەکە فەرهەنگییەکان بەزۆری هێزی سەرەکی وشە ئالۆزەکە بۆ خۆیان ڕادەکێشن، هەروەها ئەگەر دوانیان بچنە سەر بنکەیەک، ئەوا ئەوەی دوەمیان هێزەکە ڕادەکێشێت." (قادر، ٢٠٠٠: ٦٣). بەم شێوەی خوارەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٤): هێڵکاریی درختی لە شیکردنەوەی پێکهاتەی وشەدا

### ٢-١-٢/٣) سنورداری مۆرفۆلۆژی

سنورداری مۆرفۆلۆژی زیاتر پەیوەستە بە پێکهاتەی ئەو بنکانەوە، کە تایبەتمەندییەکی مۆرفۆلۆژی تایبەتیان هەیە، بە واتایەکی دیکە "هەندێ لە یاساکانی وشەڕۆنان هەستیار دەبن بە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییانەی بنکە، بەجۆرێک ئەگەر بنکە پێکهاتەیەکی تایبەتی ناوەکیی هەبێت، ئەوا داریێژراوەکە سنوردار دەکات." (Štekauer & Lieber, 2005: 160). بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا پاشگری ئاوەڵناوی /-و/ قەدی کار وەکو بنکەی خۆی دیاریدەکات، وەکو (مردو، نوستو، دانیشتو، کەوتو، خەوتو، ...هتد). هەروەها پاشگری /-ها/ی کۆ تەنیا دەلکێت بە ناوی ژمارە و کات و وشەی ڕادەی، وەکو (ساڵەها، هەزارەها، چەندەها، ...هتد).

هەر لەم ڕوانگەیەوە (Aronoff) پێشنیاری ئەوە دەکات، کە یاساکانی وشەڕۆنان دەکرێ هەستیاربن بە تایبەتمەندییەکانی ئەو مۆرفیمە، کە نزیکە لە مۆرفیمی زیادکراو، بەجۆرێک پاشگرێک هەستیار دەبێت بە دوا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

مۆرفیمی بنکەوە، لە کاتێکدا پێشگرێک هەستیار دەبێت بە مۆرفیمی سەرەتای بنکەوە. (Aronoff, 1985: 52).

بۆ نمونە ئەگەر لە چۆنیەتی دروستبونی ئەو وشانەی خوارەوە بکۆڵینەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢) X | X–ی | X–Y | Y–ی |
| شار | *[[شار]+ی] | *[[شار]+ەوان] | [[شارەوان]+ی] |
| سۆفی | *[[سۆفی]+ی] | *[[سۆفی]+گەر] | [[سۆفیگەر]+ی] |

ئەوا دەبینین پێکهاتەی ناوەندی ئەم فۆرمانە لەلایەک سنورداركراون، بەجۆرێک پێکهاتەی (*شارەوان) بەهۆی بونی فۆرمی (سەرۆک شارەونی) لە زمانەکەدا ڕێگری لێکراوە، (*سۆفیگەر)یش لەلایەن وشەی سادەی (سۆفی)یەوە بلۆککراوە، چونکە هەمان چەمک و واتا لەخۆدەگرێت. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی پاشگری ناوی واتای /–ی/، ڕاستەوخۆ بە پێکهاتەی سادەی ئەم وشانەوە ناڵکێت، بەڵکو پێویستی بە گیرەکەکانی /–ەوان/ و /–گەر/ دەبێت، تا بنکەیەکی گونجاو بەدەستبخەن بۆ پێوەلکانی ئەم پاشگرە. ئەمەش بە "ڕیزبەندی (ڕێخۆشکەر–Feeding) ناودەبرێت، چونکە یاسای (A) تێکردەیەک بەرهەمدێنن، کە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ یاسای (B)." (Kabamba, 1993: 117).

### ٣/٢-١-٣) سنورداری سینتاکسی

زۆرجار یاساکانی وشەڕۆنان بە تایبەتی پرۆسەی گیرەک لکاندن بەپێی تایبەتمەندی سینتاکسی بنکەکانیان سنورداردەکرێن، بەجۆرێک لە کاتی لکاندنی گیرەکێکی دیاریکراو بە بنکەیەکەوە، پێویستە ئەو بنکەیە ئەندامی یەکێک لە کەتیگۆرییە سەرەکییە سینتاکسییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ...هتد) بێت.

بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگری /able-/، تەنیا بە کارە تێپەرەکان دەلکێت، کەواتە لە کاری تێپەری (Love) دەکرێت فۆرمی (Loveable) ڕۆبنرێت، بەڵام لە کاری تێنەپەری (Snore) ناتوانرێت فۆرمی (*Snorable)ی ڕۆبنرێت. (Lieber, 2009: 64). هەروەها لە زمانی کوردیدا پاشگری /–ەر/ی ناوی بکەری تەنیا بە ڕەگی کاری تێپەرەوە دەلکێت. وەکو (بینەر، بکەر، خوێنەر، نوسەر، پارێزەر...هتد). جگە لەمەش پاشگری پیشەسازی /–گەر/ تەنیا دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کە کانزان. (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٣٤). دەرکردەکەشی دەبێتە ناوی پیشە. وەکو:

١٣) أ– [[ئاسن]ناو + گەر]ناو ← ئاسنگەر

ب– [[مس]ناو + گەر]ناو ← مسگەر

### ٣/٢-١-٤) سنورداری واتایی

لایەنی واتایش یەکێکە دیکەیە لەو بنەمایانەی هەندێجار دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پێکەوەهاتنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان، بەمەش پرۆسەی وشەڕۆنان سنورداردەبێت، بەجۆرێک "چەمک و واتای بنکە یان گیرەک ڕێگردەبێت لە پێکەوەهاتنی ئەو توخمانە بەیەکەوە." (شقاقی، ١٣٩٧: ٤٧)

بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا پێشگری نەرێی /نا–/ بۆ ئەو بنکانە زیاددەکرێت، کە خۆیان واتای نەرێنیان نییە، واتە ئەو بنکانەی واتای نەرێنیان هەیە، ڕێگرن لە پێوەلکانی ئەم پاشگرە. وەکو ئەمانەی خوارەوە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

١٤) أ- [نا + [شرین]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو        ب- *[نا + [تاڵ]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو

[نا + [پاک]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو        *[نا + [پیس]ئاوەڵناو]ئاوەڵناو

### ٢-٢/٣) سنوردارکردنی دەرکردەی یاساکانی وشەڕۆنان

جۆری دەرکردەی یاساکانی وشەڕۆنان لەلایەن خودی یاساکان دیاریدەکرێت، بەجۆرێک "دەرکردەی یاساکان کەوانەیەکی ناونراوە، کە تیایدا کەتیگۆری فەرهەنگی تێکردە و دەرکردە بەڕونی نیشان دەدرێت لەگەڵ سنورێک (+) لە نێوان پێکهێنەرەکانی پێکهاتەی وشەکە." (Aronoff, 1985: 49). لەم بارەیەوەش (Aronoff) پێیوایە سنورداری دەرکردەی یاساکانی وشەڕۆنان سینتاکسین یان فەرهەنگین.

لەڕوی سینتاکسییەوە هەمو ئەو وشانەی کە لەلایەن یاساکانی وشەڕۆنان دروست دەکرێن، پێویستە ئەندامی کەتیگۆرییەکی سەرەکی فەرهەنگی بن. بەم شێوەیە:

١٥) [+[X]ئاوەڵناو + انە]ئاوەڵکار ← وەکو (ژیرانە، مەردانە، هەژارانە ... هتد)

لەڕوی واتایشەوە، "واتای دەرکردەی یاساکان هەمیشە دەکەوێتە ژێر کاریگەری واتای بنکەوە، واتە واتای بنکە بنەڕەتە و واتای دەرکردە وەکو دوبارە دارشتنی پێکهاتەیەکی ناسادە پیشان دەدرێت، کە گۆڕاوێکی هەبوە." (اسلامیپور & ئەوانی تر، ١٣٩٨: ١١٧). کەواتە واتای پێکهاتە دارێژراوەکە لە واتای بنکەکە وەرگیراوە، کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە نیشان بدرێت:

١٦) أ- [[X]ناو + ەوان]ناو        ”کەسێک کە X پیشەیەتی یان پسپۆریەتی“

***زمانەوان***        ***”کەسێک پسپۆری زمانە“***

ب- [[X]ناو + خانە]ناو        ”شوێنی X“

***چایخانە***        ***”شوێنی چا خواردنەوە“***

پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت، کە دیاریکردنی واتای پێکهاتەی وشەیەکی ئاڵۆز لەلایەن یاساکانی وشەڕۆنان کاتێک دروستە، کە لە ئەمڕۆی زماندا یاسایەکی بەبەرهەم بێت، لە کاتێکدا وشە ئاڵۆزەکە لەوانەیە واتایەکی پێشبینینەکراو یان دژ بە یەک پەیدابکات، واتە ئەو واتاییە لە کۆی واتای پێکهێنەرەکانی بەرهەم نەیەت.

### ٣-٢/٣) بلۆککردن


یەکێکی دیکە لەو ڕێگریانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی وشەڕۆنان بلۆککردنە، ئەمەش بۆ ڕێگرتنە لە پێکهاتە هاواتاکان، کەواتە بلۆککردن "بریتییە لە نەهاتنی فۆرمێکی زمانی بەهۆی بونی فۆرمێکی دیکە بە هەمان واتاوە، جا بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یا تابۆی زمانیی بێت، یاخود زاڵبونی وشەیەکی زمانی بێگانە و هاتنی بۆ ناو فەرهەنگی زمانەکە و شوێنگرتنەوەی وشە خۆماڵییەکە و لە کۆتاییدا بلۆککردنی." (مستەفا، ٢٠١٩: ٤٠). بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆنانی وشەی دارێژراودا ئاماژە بۆ ئەم جۆرانەی بلۆککردن دەکرێت:

١- نەهاتنی فۆرمێک بەهۆی بونی فۆرمی سادەیەکی دیکەوە. (Aronoff, 1985: 43). وەکو بلۆککردنی پێکهاتەی *[نا+[گەرم]] بەهۆی بونی وشەی سادەی (سارد).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

٢- پرۆسەی گیرەک لکاندن لەلایەن پرۆسەیەکی تری وشەڕۆنانەوە وەکو (لێکدان، بزوێن گۆڕین، ...هتد) بلۆکدەکرێت. وەکو بلۆککردنی پێکهاتەی *[[شار]+ەوان] لەلایەن فۆرمی ئاوێتەی (سەرۆک شارەوانی). هەروەها "(Williams-1981) ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکێک لە ڕێگەکانی بلۆککردنی دەرکردە نادروستەکان دزەکردنی تایبەتمەندی گۆڕینی بزوێنە (+abluat) لە گرێی ناوەکییەوە بۆ گرێی دەرەکی." ( Scalise, 1986: 172). وەکو:

١٧) 


لە زمانی کوردیدا بە گشتی لە ڕێگەی پاشگری /-اند/ەوە کاری تێنەپەر دەکرێت بە تێپەر، بەڵام بەهۆی بونی تایبەتمەندی بزوێن گۆڕین [+abluat] لە فۆرمی ئەم کارەی سەرەوە لکاندنی پاشگری /-اند/ بلۆککراوە. واتە ئەم ئەرکە بە پرۆسەی گۆڕینی بزوێنی /ی/ بۆ /ا/ی جێبەجێکراوە.

٣- بلۆککردنی یاساکانی وشەڕۆنان، ئەمەش دوجۆرە: یەکێکیان پێدەوترێت بلۆککردنی ستونی، کە بریتییە لە بلۆککردنی گیرەکی (ڕکابەر-rival)، واتە گیرەکێک لە پۆلێکی دیاریکراوی مۆرفۆلۆژی لەلایەن گیرەکێکی دیکەی هەمان پۆڵەوە بلۆکدەکرێت. (Aronoff, 1985: 55). کە دەکرێت بەم شێویە ئاماژەی بۆ بکرێت:

١٨) **بلۆککردنی ستونی** ]x + پاشگر١[Y

]x + پاشگر٢[Y

]x + پاشگر٣[Y

وەکو پاشگری /-کەر/ لە زمانی کوردیدا بەهۆی تابۆی زمانییەوە لەلایەن گیرەکە ڕکابەرەکانی /-زان/، /-چی/ بلۆکدەکرێت، چونکە لەڕوی واتاییەوە هاوبێژە لەگەڵ وشەی (کەر/گوێدرێژ)، بۆیە زۆرجار ئاخێوەران لەبری ئەم گیرەکە پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هاواتاکانی، بەم شێوەیە: (یاریکەر← یاریزان)، (ڕاوکەر← ڕاوچی).

ئەوەی دیکەیان پێیدەوترێت بلۆککردنی ئاسۆیی، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کە سێ پێکهاتە لە ڕۆنانی وشەدا بەشدارن، بەجۆرێک پێکهاتەی سێیەم لەلایەن پێکهاتەی یەکەمەوە بلۆکدەکرێت. بەم شێوەیە:

١٩) **بلۆککردنی ئاسۆی** ]x1 + پاشگر١[Y + پاشگر٢[x2

ئەمە ئاماژە بەوە دەکات، کە "X2 بلۆکدەکرێت، ئەگەر X1 و X2 سەر بە هەمان کەتیگۆری سینتاکسی بن و هەمان واتا و هەمان بنکەیان هەبێت، ئەگەریش پاشگری (٢) پاشگرێکی بەبەرهەم نەبێت." ( Scalise, 1986: 159). وەکو:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠) | X | X–ەوان | X–گە |
| | دەریا | [[دەریا]+ەوان] | *[[دەریاوان]+گە] |
| | مەلە | [[مەلە]+ەوان] | [[مەلەوان]+گە] |

لێرەدا دەردەکەوێت، لە ڕێگەی پاشگری ناوی شوێنی /–گە/، ناتوانرێت پێکهاتەی (*دەریاوانگە) بەرهەم بهێنرێت، چونکە لەڕوی واتاییەوە توخمی Xی ئەم پێکهاتەیە هەمان چەمکی شوێنی تێدایە، بەڵام دەکرێت بەهۆی ئەم پاشگرەوە پێکهاتەی (مەلەوانگە) ڕۆبنرێت، چونکە توخمی X لەم پێکهاتەیەدا بەربەست نییە لەبەردەم پێکهاتە ڕۆنراوەکەدا و چەمکی جیاواز دەگەیەنن.


### ٣/٣) مەرجی یاسایەکانی ڕۆنانی وشە

لەپاڵ سیستەمی سنورداری کە وشە شیاوەکانی زمانێک دیاری دەکات، کە تەنیا بەسەر یاسایەکانی وشەڕۆناندا جێبەجێ دەکرێن، (Aronoff) چەند مەرجێک دەخاتەڕو، بۆئەوەی سنوردارکردنی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لە ئاستێکی فراوانی سیستەمدا بچەسپێنێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ٣/٣-١) گریمانەی دو پەڵکی (Binary Branching Hypothesis)

گریمانەی دو پەڵکی ئەوە دەخەنەڕو، کە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان لە بنەڕەتدا دوانەن، گریمانەکە "لە بنەڕەتدا لەلایەن (Aronoff-1976) پێشنیارکراوە، بەشێوەیەک یەک گیرەک بە گریمانەی یەک یاسا دارێژراوە، بەپێی ئەمە یاسایەکان لە یەک کاتدا تەنیا یەک گیرەک بە بنکەوە دەبەستنەوە، هەرچەند پێکهاتەی ناوەوەی وشەی دارێژراو ئاڵۆز بێت، پێکهاتەکە دوانەیی دەبێت." (Scalise, 1986: 146). واتە ئەگەر پێکهاتەی وشەکە لە دو پێکهێنەر زیاتر پێکهاتبو، پێویستە هەنگاو بە هەنگاو لق و پۆپی خۆی دەربکات، بەم شێوەی خوارەوە:

21) a- b-







Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

بەپێی ئەم گریمانەیە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لە (21.a)دا پێکهاتەی ڕێزمانی دروست دەکەن، بەڵام لە (21.b)دا پێکهاتەی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

لەم نمونانە دەردەکەوێت، وشەی (فرۆکەوان) لەڕوی پێکهاتەیەوە تەنیا درەختی (٢٢–أ) فۆڕم دروستە، چونکە لە ئاستێکی پلەداری/هەرەمی دایە و پێکهێنەرەکانی هەنگاو بە هەنگاو خراونەتە پاڵیەکەوە، لە کاتێکدا لە (٢٢–ب، ج)دا ئەو مەرجە پێشێلکراوە، چونکە لە یەک کاتدا پێکهێنەرەکانی پێکهاتەی (٢٢–ب) خراونەتە پاڵیەکەوە، هەروەها لە پێکهاتەی (٢٢–ج)دا لە یەک کاتدا هەر سێ پێکهێنەری /–ۆکە/، /–ەوان/، /–ی/ لێکدراون، پاشان ئەم سێ توخمە پێکەوە خراونەتە پاڵ ڕەگی (فڕ)، لە ئەنجامدا ناڕێزمانی پێکهاتەی وشەکەی لێکەوتوتەوە.




لە نمونەی (٢٣–أ، ب)، هەرچەندە پێکهێنەرەکانی پێکهاتەی (بێشەرمانە) بەشێوەی هەرەمی خراونەتە پاڵیەکەوە، واتە فۆڕم دروستن، بەڵام لەڕوی واتاییەوە (٢٣–ب) ناپەسەندە، تەنیا پێکهاتەی (٢٣–أ) پەسەندە، هۆکاری ئەمەش بۆ پێکهاتەی ناوەندی (٢٣–ب) دەگەڕێتەوە، چونکە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا پێکهاتەیەکی سەربەخۆمان نییە لە (*شەرمانە) پێکهاتبێت و هەڵگری واتایەکی فەرهەنگی بێت، لە کاتێکدا (بێشەرم) لە فەرهەنگی زمانەکەدا لێکسیمێکی سەربەخۆیە، پاشگری /–انە/ وەردەگرێت بۆ پێکهێنانی ئاوەڵکار.

هەروەها پرۆسەکانی وشەڕۆنان هەمیشە بەم شێوەیە بەرهەم نایەن، بەڵکو دەکرێت وشە ئاڵۆزەکان لە یەک کاتدا بە یەکهەنگاو (parasynthetic) ڕۆنرابن، وەکو زیادکردنی پێشگر و پاشگرێک لە یەک کاتدا بۆ بنکەیەک، بەم شێوەیە [Pre + X + Suf]. کە نە زنجیرەی [Pre + X] و نە زنجیرەی [X + Suf] بە تەنیا بونی نییە، واتە نازانرێ کام گیرەک پێشتر بۆ بنکەکە زیادکراوە و کام بەشی وشەکە زوتر سازبوە. (ارکان، ١٣٩٩: )، وەکو [هاو + وڵات + ی]، کە نە پێکهاتەی *[هاو + وڵات] و نە پێکهاتەی *[وڵات + ی] بە تەنیا بونی نییە، ئەمەش لە زمانی کوردیدا بەزۆری لە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان بەرچاو دەکەوێت. وەکو [سێ + بیر + ان]، [سێ + تاق + ان]، [دو + شیو + ان].


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

### ٢-٣/٣ گریمانەی بنکەی یەکتایی (The Unitary base Hypothesis)

ئەم گریمانەیە لەلایەن (Aronoff-1976) پێشنیارکراوە، بەپێی ئەم گریمانەیە ناکرێت گیرەکێک بۆ هەر کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی زیادبکرێت، بەڵکو تەنیا یەکێک لە کەتیگۆرییەکانی وشە هەڵدەبژێرێت، کەواتە کاتێک گیرەکێک دەدۆزرێتەوە، کە زیاتر لە کەتیگۆرییەک هەڵبژێرێت، ئەوا بەو ئەنجامەی دەگەین، کە لایەنی کەم دو گیرەکی هاوبێژ هەن، چونکە یاسای وشەڕۆنانیان جیاوازە. (Štekauer & Lieber, 2005: 162). لەم گریمانەیەدا پێویستە دو تێبینی ڕەچاوبکرێت:

1. پێویستە ڕەچاوی گریمانەی دەرکردە بکرێت، چونکە ئەم گریمانەیە ڕێگەنادات فۆرمێکی فۆنۆلۆژی دیاریکراو وەکو تاکە گیرەکێک سەیربکرێت، ئەگەر دەرکردە بە کەتیگۆرییەکی جیاواز یان واتایەکی جیاوازەوە بەرهەم بێت.
2. لە شیکردنەوەی بنکەکانی گیرەکێکی دیاریکراو، پێویستە دڵنیابین لەوە، کە مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی وەسفی دەکرێت، چونکە بەرهەمداری گیرەکێک لەگەڵ بنکە تایبەتمەندەکانیدا زۆرجار بەپێی کات دەگۆڕێت. (Scalise, 1986: 138).

بەڵام ئەمە لە زمانی کوردیدا هەمیشە وا نییە، وەکو پاشگری شوێنسازی /–گە/ لەگەڵ بنکەی ناو بەکاردێت وەکو (دادگە، سەربازگە، مەلەوانگە، ئارامگە)، لەگەڵ ڕەگی کاریش بەکاردێت (فێرگە، کێڵگە، ...هتد). بۆیە (Selkirk-1984) پێشنیاری ئەوەی کرد، "گریمانەی بناغەی یەکتایی لە کاتێکدا دەکرێت بە دروستی دابندرێت، ئەگەر لە جیاتی کەتیگۆرییە ئاساییەکان تایبەتمەندییەکانی سینتاکسی لەبەرچاوبگیرێ، وەکو [N±] و [V±]." (Štekauer & Lieber, 2005: 163). بەپێی ئەمەش بێت گیرەکەکان تەنیا ئەو توخمانە هەڵدەبژێرن، کە نیشانکراون وەکو [N+] یان [V+]، چونکە ئەم دو کەتیگۆرییە تایبەتمەندی هاوبەشیان نییە. وەکو پاشگری /–ا/ لە زمانی کوردیدا دەچێتە سەر ڕەگی کار، ئاوەڵناوی داڕێژراو دروستدەکات، هەروەها لەگەڵ ناو و ئاوەڵناویشدا ناوی داڕێژراو پێکدێنێ، لەگەڵ ژمارەشدا ژمارەی داڕێژراو ڕۆدەنێت. بۆ نمونە:

٢٤) أ- [[توان]ڕەگ + ا]ئاوەڵناو ← توانا

ب- [[گەرم]ئاوەڵناو + ا]ناو ← گەرما

ج- [[هەشت]ژمارە + ا]ژمارە ← هەشتا

### ٣-٣/٣ مەرجی پێفرێز (No Phrase Constraint)

ئەم مەرجەش لێکەوتەی داڕشتنی بنەڕەتی گریمانەی بنکەی وشەیە، باس لەوە دەکات، کە "بنکەی یاسایەکانی وشەڕۆنان هەمیشە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە (واتە وشەیەکە)، هەرگیز فرێزێکی سینتاکسی نییە." (Scalise, 1986: 155). بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە (Allen-1978) دەگاتە بەو ئەنجامەی کە هەندێ لە گیرەکە فەرهەنگییەکان بە یەکە نامۆرفۆلۆژییەکانەوە دەلکێن، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە لێکدراوەکاندا دەبینرێت. وەکو ئەمانەی خوارەوە:

25) a- [black and blue]ness



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

b- [open + air]y

بەڵام سەرەڕای ئەمەش، (ئالین) پێیوایە ئەو فرێزانەی کە ئەم جۆرە گیرەکانەی پێیانەوە دەلکێن، دەکرێت بە فرێزی بە فەرهەنگیبون دابندرێن، چونکە ئەگەر هەمان ئەو پرۆسانە بەشێوەیەکی سیستماتیکی لە پێکهاتەی هاوشێوەدا بەسەر فرێزە نافەرهەنگییەکاندا جێبەجێ بکرێن، ئەوا وشەی ئالۆزی ناڕێزمانی بەرهەمدێن. وەکو ئەمانەی خوارەوە:

26) a- *[intelligent and attractive]ness

b- *[open wood]y. (Štekauer & Lieber, 2005: 164-165).

هەروەها ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا زیاتر لە نێو ئیدیەمەکان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەمیش بە دانەی فەرهەنگی دادندرێن. وەکو خالی (ب، ج) لە خوارەوە:

٢٧) أ- [[فەرمانی زانکۆ]فرێزی بەفەرهەنگیبون ی] ← فەرمانی زانکۆیی

ب- [[چاوپیس]ئیدیەم ی] ← چاوپیسی

ج- [[دەستکورت]ئیدیەم ی] ← دەستکورتی

بەپێی ئەمە ڕەنگە تەنیا فرێزە بە فەرهەنگیبوەکان ببن بە بنکەی یاسایەکانی وشەڕۆنان. ئەمەش گرنگی زۆری دەبێت، بۆ ئەوەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس لێکجیابکرێنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

## ئەنجام:

١. ڕۆنانی ناوەوەی وشەی داڕێژراو لە زمانی کوردیدا بەزۆری لەشێوەی هەرەمیدایە، واتە گیرەکەکان لە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بنکەدا ڕیزدەبەستن، دوا مۆرفیم بەسەر پێکهاتەی وشەی داڕێژراوەکە زاڵە و تایبەتمەندییەکانی خۆی بە وشە داڕێژراوە بەرهەمهاتوەکە دەبەخشێت، ئەمەش سنورداری لکاندنی گیرەک بەپێی تایبەتمەندییە سەروسەگمێنتییەکانی بنکە بەدور دەخاتەوە. هەروەها هەندێجاریش بەهۆی پێکەوەهاتنی توخمە بەشدارەکان لە پێکهاتەی وشەی داڕێژراودا، ڕۆنانی دەرەوەی وشەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری یاسا فۆنۆلۆژییەکان وەکو (گۆڕانی دەنگ، تێچونی دەنگ، زیادبونی دەنگ، ... هتد)، گۆڕانی فۆڕمی بەسەر وشەکەدا دێت.

٢. مۆدێلی مۆرفێم بناغە لەشێوەی پەیوەندیی ئاسۆی و لەسەر بنەمای پەیوەندی یەک بە یەک لە نێوان فۆڕم و واتای مۆرفێمەکان لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە داڕێژراوەکان دەکۆڵێتەوە، لە کاتێکدا مۆدێلی وشە-بناغە بە پەیڕەوبەندانەی فۆڕم و واتای وەکیەکی وشە هەبوەکانی زمان لەم دیاردەیە دەڕوانێت، ئەمەش پەیوەندییەکی ستونی وەردەگرێت وەکو نمونەی (١، ٢).

٣. لە زمانی کوردیدا بنکەی یاساکانی وشەڕۆنان لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا دەکرێت وشەیەک بێت، یان ڕەگ و قەدی کار بێت، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانەکەمان پەیڕەوی مۆدێلی مۆرفێم-بناغە دەکات، چونکە لە مۆدێلی وشە-بناغەدا، بنکەی یاساکان هەمیشە وشەیەکە، هەروەها هەندێ لە گیرەکەکان لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا تێکەڵ بە توخمی جۆراوجۆر دەبن، وەکو (دادگە، ئارامگە، فێرگە) ئەم جیاوازیەش لە دەستنیشانکردنی وشەی بنکە بە فۆڕمی تاکە یاسایەک سەخت دەکات.

٤. جگە لە جیانەکردنەوەی پرۆسە وشەڕۆنانییەکان لە پرۆسە گەردانییەکان لە مۆدێلی مۆرفێم-بناغەدا، بونی دو لیستی فەرهەنگی لەم مۆدێلەدا، لێکدانەوەی سیستەمی فەرهەنگی لە زمانی کوردییدا توشی گرفت دەکاتەوە، وەکو (بازو) کە خۆی مۆرفێمێکی سەربەخۆییە، بەڵام بە لەتکردنی پێکهێنەرەکانی هەریەک لە (با، باز، زو) وەکو مۆرفێمی سەربەخۆ لە زمانەکەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

٥. لە مۆدێلی وشە-بناغەدا سیستەمی فەرهەنگی بۆ یەک لیست کەمکراوەتەوە، هەروەها گیرەک لە وشەکان جیاکراوەتەوە و لە یاساکانی وشەڕۆناندا پلەبەندی بۆ کراوە، سەرەڕای ئەمەش سنورداری جۆراوجۆر بەسەر یاساکان سەپێنراون، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم سنوردارییانە لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراودا بە تەواوی ڕێگر نین. وەکو لایەنی فۆنۆلۆژی، چونکە زمانەکە لەڕێگەی ڕۆنانی دەرەوەی وشە ئەمە چارەسەر دەکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18

# The Internal Structure of the Derived Word in Kurdish Language According to the Morpheme-Based Model and the Word-Based Model

**Sherwan Hussen Hamed[1] - Shimal Zeki Hussein[2]**
[1]Kurdish Department, College of Basic Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Word-formation is part of linguistics that deals with the internal structure of words. It aims at creating a theory in order to describe and explain the lexical structures of all languages. This has derived from the hypothesis that if grammar is the systematic language knowledge of an interlocutor, then possibly there could be a substructure hypothesized inside the grammar structure that explains the lexical knowledge of the interlocutor. Thus, this study has focused on both models, base-morpheme and base-word, which are one of the language models that have been pointed out in the frame of the school of production linguistics so as to analyze and interpret the lexical system of language.

This study, particularly, is based on the perspective of (Mark Aronoff, 1976) in the model of base-word. Also, in terms of base-morpheme, the perspective of (Morris Halle, 1973) has been taken into consideration. In fact, these two perspectives are considered the turning point in research on word-formation. Therefore, we have made attempts to analyze the structure of derivational words in the Kurdish language with reference to these two perspectives to obtain the morphological rules that exist in an orderly and abstract way in the cognitive parts of the native speakers of the Kurdish language. These rules are called the "pillars" of language because they are the foundation from which other elements are made.

**Keywords:** Structure Derivation, Word-Formation Rules, Morpheme-Based Model, Word-Based Model.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18**

## پەراوێزەکان:

(i) Remarks on Nominalization.

(ii) Prolegomena to a Theory of Word Formation.

(iii) وشە هەبوەکان (Existing Words): ئەو وشانەن کە لە فەرهەنگی زمانەکەدا بونیان هەیە و لیستکراون.

(iv) وشە ئەگەرییەکان (Potential Words): ئەو وشانەن، کە لەلایەنی سیمانتیکی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و پێکهاتەیەوە یاسابەندن، بەڵام لە فەرهەنگدا لیستنەکراون.

(v) Word Formation in Generative Grammar.

## سەرچاوەکان:


باتینی، محەمەد ڕەزا. (١٩٩٣). ***ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان***. وەرگێرانی: حەسەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، سوید.

خۆشناو، شێروان حسین. (٢٠١٦). ***توانای مۆرفیم بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا***. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

سەعید، سازان زاهیر. (٢٠٢٠). ***نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا***. چاپی یەکەم، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

شالی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج. (٢٠٠٠). ***یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی***. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

صالح، دڵشاد غالی & علی، پێشڕەو صالح. (٢٠١٩). ***پرۆسە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا***. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی (٦)، ژمارەی (٥)ی تایبەت بە کۆنفرانسی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری. (٢٠١٣). ***فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی***. چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عەلی، تاڵیب حوسێن. (٢٠١٥). ***دەنگسازی (چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی)***. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف & قادر، سەباح ڕەشید. (٢٠٠٦). ***چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی***. چەپخانەی ڕون، سلێمانی.

قادر، سەباح ڕەشید. (٢٠٠٠). ***هاوبێژی و فرەواتایی لە(گیرەک)دا***. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مستەفا، ڕەزا مستەفا. (٢٠١٩). ***پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا (لێکۆڵینەوەیەکی داتاییە)***. نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ویدۆوسن، هـ . د . (٢٠٠٨). ***سەرەتایەک بۆ زمانەوانی***. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: هۆشەنگ فارۆق. چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

یونس، سەمیرا تۆفیق. (٢٠١٣). ***سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا***. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

ئەحمەد، نەرمین عومەر. (٢٠١٠). ***بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا***. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**ارکان، فائزه. (١٣٩٩). *صرف: رویکردهای نظری و کاربرد آن‌ها در تحلیل زبان فارسی*. چاپ اول، سمت، تهران.**

**اسلامی‌پور & مدرس خیابانی، شهرام & مدرسی، بهرام & کلباسی، ایران. (١٣٩٨). مقایسهٔ ساخت واژه‌های مشتق پربسامد در زبان فارسی ازمنظر صرف واژه‌بنیاد و صرف تکواژبنیاد. زبان و زبان‌شناسی، دوره پانزدهم، شماره ٢٩، صص ١١٣ – ١٣٥.**

**شقاقی، ویدا. (١٣٩٧). *مبانی صرف*. چاپ دهم، سمت، تهران.**

**صراحی، محمد امین. (١٣٩٥). نظریات ساختواژی هله و اروناف و دستگاه واژگان‌فار. مطالعات زبانی و بلاغی، دوره ٧، شماره ١۴، صص ١٣۵ – ١۶٠.**




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18**

**عباسی، زهرا. (۱۳۹۶). *واژه‌های غیربسیط فارسی در صرف واژگانی و صرف ساختی*. جستارهای زبانی، دوره ۸، شماره ۳ (پی‌اپی ۳۸) صص ۶۷ - ۹۳.**

Aronoff, Mark. (1985). ***Word formation in generative grammar***. Third published, The MIT Press, Cambridge, London.

Scalise, Sergio. (1986). ***Generative morphology***. Second edition, Foris Publications Holland, Walter de Gruyter.

Katamba, Francis. (1993). ***Morphology***. First published, St.Martin's Press, New York.

Lieber, Roche. (2009). ***Introducing Morphology***. Cambridge University Press, New York.

Halle, Morris. (1973). ***Prolegomena to a theory of word formation***. Linguistic inquiry, Volume 4, Number 1, p. 3 - 16.

Štekauer, Pavol & Lieber, Rochelle, eds. (2005). ***Handbook of word-formation***. (Vol. 64), Springer Science & Business Media, Netherlands.

Bauer, Laurie. (1983). ***English word-formation***. First published, Cambridge university press.

Booij, Geert. (2007). ***The Grammar of Words: An Introduction to Linguistic Morphology***. Second edition, Oxford University Press, New York.

Selkirk, Elisabeth O. (1982). ***The syntax of words***. The MIT Press, London.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper18**